# ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ژووری کوردستان یونایتیدو میکانیزمی کارەکانی کەمپەین! ... کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەیید قادر

زۆرکەس و لایەن چ ڕاستەخۆ و چ ناڕاستەخۆ، ئەم پرسیارە ئاراستەی کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەیید قادر- کۆمیتەی سەرپەرشتیکار دەکەن، کە ئایا پەیوەندیی ئەم کۆمیتەیە بە ژووری کوردستان یونایتدەوە چییە؟
بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بەپێویستمان زانیی بەم ڕوونکردنەوەیە، شێوەی ئەم پەیوەندییە بە هەموو لایەك ڕابگەیەنین:

1. ژووری کوردستان یونایتد لەسەر تۆڕی پاڵتاك لە پەیوەند بە دۆزی د. کەمال سەیید قادرەوە، بێگومان دەورێکی بەرجەستەی بووە لە بەرگرییکردن لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ئازادی سیاسیی، بەو پێیەش بەشێك بووە لەو کەمپەینە فراوانەی بەمەبەستی ئازادکردنی دکتۆر کەمال وەرێکەوتووە، هەریەك لەبەرپرسی ئەم ژوورەو ئەدمینە بەرێزەکانی تر ماندوونەناسانە شەو ڕۆژیان خستۆتە سەریەك و ئەم هەوڵ و ماندووبونەیان جێگای ستایشی ئێمەیە.
2. بێگومان لەم ژوورەدا چەندین بیروڕای جیاوازو چەندین شێوازی قسەکردن و چەندین ئینتیمای سیاسیی و فیکریی و حیزبیی جیاواز هەیە، کە بێگومان هەم ڕەوشتی بەرزی پەیڤین و هەم ڕەوشت و شیوازی نەشیاو لەم ژوەرەدا دەردەبردرێن، ئەمە بە هیچ بارێکیدا نەدوور نەنزیك پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، سەرباری ئەوەی کە ئیمە پێشوازی لە دایەلۆگی شارستانییانە دەکەین.
3. هەر قسەو باس و هەڵوێستگیرییەك، وەهەر شێوازیك لە مامەڵە لەگەڵ میوانانی ژوورەکە، پەیوەندیی بە خودی ژوورەکەوە هەیە و ئەم ژوورە ژووری کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەید قادر - کۆمیتەی سەرپەرشتیکار نییە.
4. بیروراو هەڵوێستی فەرمیی کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر- کۆمیتەی سەرپەشتیکار، چ لەم ژوورەو چ لە هەر شوینیکی تردا تەنها لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی سەرپەرشتیکارەوەیە، کە بەناوی کەمپەینەکەوە قسەئەکەن، کە بریتین لە هەریەك لە" د. بورهان یاسین، خەتاب سابیر، عبداللە مەحمود، ریبوار عارف، هیوا گوڵ محەمەدی، پۆلا سەعید...". هەر کەس لەم ناوانەش، ئازادن وەک خودی خۆیان قسەبکەن، ئەوکاتەش بیروڕای تایبەتیی تاکەکانە. لەلایەکی ترەوە هەرکەس بەناوی کەمپەینەوە جگە لە کۆمیتەی سەرپەشتیارو کۆمیتەی وڵاتەکان قسە بکات پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، بەواتایەکی تر هەر قسەوباس و هەڵوێستگیرییەکی تر لە لایەن هەرکەسێکی ترەوە، پەیوەندی بە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال- کۆمیتەی سەرپەرشتیکارو کۆمیتەی وڵاتەکانەوە نییەو ئەو کەسانە خۆیان لێی بەرپرسیارن.
5. ژووری کوردستان یونایتد تەنها بەشیکە لەو کەمپەینە بەرین و سەراسەرییەی بۆ ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال لە ئارادایەو وەك دەروازەیەکی ڕاگەیاندنی ناو دنیای تۆڕی پاڵتاکیش لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی سەرپەرشتیکارەوە، کەڵکی لیوەردەگیریت و لەم سۆنگەیەشەوە زۆر سوپاسی ماندووبوونی بەرپرس و ئەدمینەکانی ئەو ژوورە دەکەین کە ناوبەناو ئەندامانی کۆمیتەی سەرپەرشتیکار و کۆمیتەی وڵاتەکان قسەی تێدا دەکەن.

کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەیید قادر
کۆمیتەی سەرپەرشتیکار
ڕاگەیاندنی ژمارە 21
2006-2-18